# مۆرفیمەکانی/ وەك /و/ لەگەڵ / لە زمانی کوردیدا

پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزو

زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە. ئاشکرایە، کە ڕێزماننوسو پسپۆڕانی زمان هەر لە سەرەتاوە گرنگیان بە فۆرمو ئەرکی مۆرفۆلۆجیاو سینتاکسی پێشبەندو پاشبەندەکانی زمانی کوردی داوە، بەمەش چەندان نامەی ئەکادیمیو کتێبو وتارو توێژینەوەی زانستییان لەو بارەیەوە نوسیوە. بەڵام هێشتا هەندێ لایەنی بە کێشەداری ماوەتەوە، لەوانەش:

١- تا ئێستا ژمارەو فۆرمی پێشبەندەکانی زمانی کوردی دەستنیشان نەکراون، کە ڕای جیاواز لەو بارەیەوە هەیە.

٢- بونی ڕاو بۆچونی جیاواز لەبارەی ئەم دو مۆرفیمەوە، کە بە پێشبەند هەژماردەکرێن یان نەخێر.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە:

١- کۆمەڵێك ئەنجامی نوێی لەبارەی پێشبەندەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ خستوەتە ڕو.

٢- هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەو دەستنیشانکردنی پێشبەندەکانی زمانی کوردی.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسدایە. واتە ئەرکو ڕۆڵی پێشبەندەکان وەك مۆرفیمی هاوبێژ لە دروستکردنی وشەی نوێ، هەروەها لە داڕشتنی ڕستە لە پێکەوەبەستنی بەشەکانی ناو ڕستەدا دەردەکەوێت. سود لە ئاستی سیمانتیکیش وەرگیراوە.

**ڕێبازو کەرەستەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە. بەو واتایەی کە نمونەکانی ناو باسەکە لە ئاخاوتنی ئێستای خەڵکەوە هەڵهێنجراوەو شیکراونەتەوە.

**تەوەرەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوار تەوەر پێکهاتوە:

تەوەری یەکەم باس لە پوختەی ڕابۆچونی زمانەوانەکان لەبارەی پۆلینکردنی پێشبەندەکانی زمانی کوردی بە گشتیو بە تایبەتی مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ کراوە، پاشان بۆچونی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان لەو بارەیەوە خراونەتە ڕو.

تەوەری دووەم بۆ ئەرکی مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە ئاستی وشەسازیدا تەرخانکراوە.

لە تەوەری سێیەمدا باس لە ئەرکی مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە ئاستی ڕستەسازیدا کراوە، کە تیایدا باس لە دروستەی فرێزی پێشناویو ئامرازی گەیەنەرو بەراوردکردنی هەردو مۆرفیمی /و/و /لەگەڵ/ کراوە.

لە تەوەری چوارەمیشدا ئەرکی واتایی ئەم دو مۆرفیمە خراوەتە ڕو.

## ١) بۆچونی زمانەوانەکان:

لەبارەی پێشبەندو پاشبەندەکان بە گشتیو بە تایبەتی ئەم دو مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا، نوسەرو زمانەوانەکان ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیە، بەکورتی پوختەی بۆچونەکان دەخەینە ڕو:

- سەعید صدقی کابان لەژێر باسی (ئەدات)دا ئامرازەکانی (بۆ، تا، لە، بە)ی بە نمونەوە هێناوەتەوە (کابان، ١٩٢٨، ٦٨-٧٠). هەروەها لەژێر ناوی (ئەداتی منفصلە)دا مۆرفیمی (لەگەڵ) بە (ئەدات ڕەفاقەت) ناودەبات، وەك (لەگەڵ ڕەفیقان موافقم)(سەرچاوەی پێشو، ٥٤-٥٥).

- تۆفیق وەهبی بە ناوی (ئەداتی تەواوی) لە ئەداتەکانی (لە ، بە ، بێ) دواوە (وەهبی، ١٩٢٩، ٩-٣٦).

- نوری عەلی ئەمین لەژێر ناوی (ئامرازی ڕاکێش) لە ئامرازەکانی (بۆ ، بە ، لە) دواوە (ئەمین، ١٩٥٨، ٢٩-١٤٦).

- مەکاریۆس پریپۆزشنی سادەو لێکدراوی دەستنیشانکردوە (مەکاریۆس، ١٩٥٨،٧٢):

  ١- سادە: (بۆ ، بە ، لە ، پێ ، هەتا ، بێ ، وەك).

  ٢- لێکدراو: (لەسەر، لەبەر، لەبن، لەلا، لەناو، لەپێش، لەپاش، بەسەر، لەژێر، لەگەڵ، لەکن،....).

- نوری عەلی ئەمین لە بەشی (ئامرازی پەیوەندی) باسی دو جۆر ئامراز دەکات (ئەمین، ٢٠١٢، ١٨٦-١٩٢):

  ١- ئامرازی پەیوەندی سادە: بۆ ، بە ، لە ، لۆ ، پەی ، تا/هەتا/هەتاکو/هەتاوەکو ، ی ، ە ، بێ ، وە ، وەك/وەکو ، پێ ، لێ ، تێ.

  ٢- ئامرازی پەیوەندی لێکدراو: هەتا ، لەسەر ، بەبێ.

- مەکەنزی لەژێر ناوی (پریپۆزیشنو پۆستپۆزیشن)دا دو جۆر پریپۆزشنی لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا دەستنیشانکردوە (مەکەنزی، ١٩٦١،١٢١):

  ١- پریپۆزیشنە سادەکان: (بە ، لە ، ە ، بۆ ، تا/هەتا ، بێ ، لەگەڵ ، بەرەو ، وەك/وەکو).

٢- پرێپۆزیشنە لێکدراوەکان: (لەبەر، بەتەنیشت، لەپێش، لەپاش، لەپشت، ...).

• لیژنەی دانانی کتێبی ڕێزمانی کوردی لەژێر باسی (ئامرازی پەیوەندی) لە ئامرازەکانی (بە، بۆ، لە، ە، ی، وەك، هەتا) بە نمونەوە دواون (ئەمینو...، ١٩٦٤،٨٤).

• لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە ژێر ناوی (پرێپۆزشن)دا دو جۆریان دەستنیشانکردوە:

١- پرێپۆزشنی سادە: (بۆ ، لە ، تا ، وەك ، بێ ، بە).

٢- پرێپۆزشنی لێکدراو: (بەسەر ، لەژێر ، بەناو ، بەکن ، بۆ کن، بەلای، بەتەنیشت، لەتەك، لەگەڵ، ...هتد) (لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ٣٠٩-٣١٣).

پاشان ئاماژەیان بەوە داوە، کە (وەك) سادەو لێکدراوی هەیە:

ا- سادە: (وەك، وەکی ، وەکو).

ب- لێکدراو: (هەروەك، هەروەکی، هەروەکو) (سەرچاوەی پێشو،٣٢٤).

• نەسرین فەخریو کوردستان موکریانی لەژێر ناوی (ئامراز)دا فۆرمەکانی (لە ، بە ، بۆ ، تا) بە پێشبەند داناوە (فەخریو ...،١٩٨٢، ١٩٢).

• محەمەد ئەمین هەورامانی لە باسی پاشبەندی (دا)دا مۆرفیمی (لەگەڵ = لەتەك) بە پێشبەندی لێکدراو ناوبردوە (هەورامانی، ١٩٨٤،٤٦).

• لیژنەی دەستووری زمانی کوردی لەژێر ناوی (ئامرازی پەیوەست)دا ئامرازەکانی (لە، لەگەڵ، بەبێ، بەسەر، بە، بۆ، تێ، لێ، پێ،...هتد) دەستنیشانکردوە (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٣٠-٣١).

• صالح حسێن پشدەری لەژێر ناوی (ئامرازی پەیوەندی) ئاماژەی بۆ فۆرمەکانی (ە، بە، بە ـ وە، بە ـ دا، بە ـ را، لە، لە ـ وە، لە ـ دا، لە ـ را، لەگەڵ، بۆ، ژ، ل، ب، د، تو، تا، هەتا، وەك، جگە، بێجگە، چش، پێ، تێ، لێ) بە نمونەوە کردوە (پشدەری، ١٩٨٥، ٦٠-٦٢).

• وریا عومەر ئەمین شەش پێشبەندی دەستنیشانکردوە، ئەمانەن: بۆ ، بە ، لە ، تا ، وەك ، بێ. هەروەها نمونەی بۆ مۆرفیمی (وەك) هێناوەتەوە: مامۆستا وەك باوك وایە (ئەمین، ١٩٨٦،١٨٢).

• صادق بهالدین ئامێدی لەژێر ناوی (پێربەست)دا ئاماژەی بۆ پێشبەندەکانی هەردو دیالێکتەکانی ژورو و خواروی زمانی کوردی کردوەو کردویەتی بە دو جۆرەوە (ئامێدی، ١٩٨٧، ٤٢٣-٤٢٤):

١- پێربەستێت خوڕی (د زارێ سۆرانی)دا : (بۆ ، لە ، تا ، وەك ، بێ ، بە).

٢- پێربەستێت لێکدایی (د زارێ سۆرانی)دا: (تاکو، تاوەکو، هەتا، هەتاوەکو، وەك، وەکی، وەکو، هەروەکی، هەروەکو، بەبێ).

• هیدایت عەبدوڵڵا محەمەد (پێشپرتكو پاشپرتكەكانی زاری خواروی زمانی كوردی) لە ڕوی پێكهاتنەوە بە سەر سێ جۆردا دابەشكردوە، بەم شێوەیە (محەمەد، ١٩٩٣، ٤٥-٥٠):

١- پێشپرتكو پاشپرتكە بنجییەكان (ئاسانەكان): لە ، بە ، بۆ ، بێ ، ە ، تا.

٢- پێشپرتكە ناوییەكان: پاش ، پێش ، دوا ، لا ، بەرامبەر ، نزیك ، تەنیشت ، دور.

٣- جووتە پێشپرتكەكان (لێكدراوەكان): بەبێ ، لەبۆ.

جگە لەمانە هەندێك وشە هەن، كە بەپێی تێپەڕبونو گۆڕانی ڕۆژگار لەگەڵ پێشپرتكێكی بنجیدا جۆشی خواردوەو ئێستا بە تەنیا مانا نابەخشێت، وەكو (لەگەڵ، لەناكاو، بەپرتاو،....) (سەرچاوەی پێشو،٧٧).

• لیژنەی زمان لەژێر باسی (پێشبەندو پاشبەند)دا لە فۆرمو ئەركی پێشبەندەكانی (لە، بە، بۆ، لۆ، تا/هەتا/هەتاوەكو/وەكو، بێ، ە، ی، پێ، لێ، تێ، ژ، ڤ)و پاشبەندەكانی (دا، ەوە، ڕا) دواون (لیژنەی زمان،٢٠٠٠، ٣٦-٧٨).

• ڕەفیق شوانی لەژێر ناوی (دیاریكردنی ئامراز لە زمانی كوردیدا) ئاماژە بۆ جۆرێك لە ئامرازەكانی نیازو مەبەست بەناوی (ئامرازی لێكچواندن) دەكات، كە تیایدا ئامرازەكانی (وەك، وەكیەك، ئەڵێی، ئەڵەی، عەینەن، كوتومت، هەروەكو، ....) بە نمونەوە دەستنیشانكردوە (شوانی،٢٠٠١، ١٨٨-١٨٩):

ئاڤێستا وەك زەردەشت زیرەكە

وەك ئەو هات

وەك ئەو نان بخۆ

وەك یەك دەڕۆنە ڕێگاوە

تۆ وەك منیت

مامۆستا وەك باوكە

• ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان لە پێشبەندەكانی (لە ، بە ، بۆ ، ە ، تا ، بێ)و پاشبەندەكانی (دا، ڕا ، ەوە)و ئەركەكانیان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاكسدا دواوە (باخەوان، ٢٠٠٣، ٨٠-٢١٨).

ئاماژەیشی بەوە داوە، كە ئامرازی (وەك) ئامرازی لێكچواندنەو پێشبەند نییە (سەرچاوەی پێشو،٣٢).

• ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی لەژێر ناوی (ئامرازی پەیوەندیو پاشكۆكانی)دا دو جۆر ئامرازی پەیوەندی لە ڕوی شێوەوە دەستنیشانكردوە (شوانی، ٢٠٠٣، ٤٧-٤٩):

١- ئامرازی پەیوەندی سادە: بۆ، بە، لە، تا، و، ی، ە، ش، یش.

٢- ئامرازی پەیوەندی نسادە: تاكو، تاوەكو، هەتا، هەتاكو، لەگەڵ، لەتەك.

• ئەبوبەکر عومەر قادر پێشناوەکانی بۆ واتادارو بێواتا دابەشکردوە، پاشان ئاماژەی بۆ ئەو پێشناوانە کردوە، کە سەربەخۆ واتا نابەخشن، بەڵکو لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا چەمکیان دەردەکەوێت، کە بریتین لە: (بۆ ، ـە ، بە ، تا ، وەك ، بێ ، لە) (قادر، ٢٠٠٣، ٥٢).

• ئەورەحمانی حاجی مارف لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا چوار پێشبەندی سەربەخۆی بنجی دەستنیشانکردوە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، وەك (لە ، بە ، بۆ ، ە)و دو مۆرفیمی دیکەش کە بە شێوەیەکی لاوەکی دەوری پێشبەند دەبینن، وەك (تا ، بێ) دەستنیشانکردوە (مارف، ٢٠٠٤،١٠٥).

• زەرێ یوسوپۆڤا لەژێر باسی (ئامرازی پەیوەندیو پاشبەندەکانی)دا، ئامرازی پەیوەندی لە شێوەی سلێمانیدا بۆ دو بەش دابەشدەکات (یوسوپۆڤا، ٢٠٠٥، ١٠٠-١١٦):

١- بنجی: لە ، بە ، بۆ ، بێ ، (هە)تا.

٢- نابنجی: (لە)لای، لەبەر، لەژێر، لەناو/لەنێو، لەبەیانی، لەنزیکی، لەسەر، لەپاش، لەپێش، لەپشت، لەتەنیشت، لەکوێی، لەجێی، لەجیات، بە (لە) دەورەی/دەوری، بەدوووی، لەدووای، بەشوێن، بەهۆی، لەبابەت، لەگەڵ، لەباتی، لەبارەی.

• عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان بەم شێوەیە جۆری پێشبەندەکان لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا نیشان دەدات (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، ٧-٨):

١- سادەکان: بە ، بۆ ، لە ، تا ، ە ، بێ.

٢- ناسادەکان: بەبێ ، لەبۆ.

• ڕەفیق شوانی لەژێر ناوی (ئامرازی پەیوەندی)دا ئامرازەکانی (و، ی، ە، بۆ، بە، لە، تا، ش/یش، مو/او، ان)و پاشکۆکانی (دا، ەوە)ی دەستنیشانکردوە (شوانی، ٢٠١١، ٥٢-٥٣).

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە، کە (لەگەڵ، لەتەك) ئامرازی پەیوەندی نییەو ئاوەڵفرمانن (سەرچاوەی پێشو،٥٤).

• عەبدولواحید موشیر دزەیی لەژێر ناوی (ئامرازە ئاوەڵکارییەکان)دا ئاماژەی بۆ ئامرازەکانی (لە، بە، بۆ، تا) کردوە (دزەیی، ٢٠١٢،٧٠).

• نەریمان خۆشناو لەژێر ناوی (پێشبەند)دا ئاماژە بۆ پێشبەندەکانی (بە، لە، بۆ، ە، بێ، تا) لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا کردوە، کە لە ڕوی پێکهاتنەوە سادەن، بەڵام کاتێ دەبن بە داڕێژراو لەگەڵ پاشبەندەکانی (لە....دا، لە....را، لە.....ەوە، بە.......دا) بێن (خۆشناو، ٢٠١٢، ١٥٧-١٥٨).

هەروەها پوختەی بۆچونی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان وەك ڕێزمانی زمانی فارسیو ئینگلیزیو عەرەبی لەبارەی پۆلێنو فۆرمو ژمارەی پێشبەندەکانەوە بە نمونەو بەراوردەوە وەردەگرین:

**یەکەم/ زمانی فارسی:** پۆلی پێشبەندەکان (حروف اضافه)ی زمانی فارسی لە ڕوی ڕۆنانەوە کراونەتە سادەو لێکدراو. زمانەوانە فارسەکان لەسەر ژمارەو بنەماکانی پێشبەندە سادەکان بۆچونی جیاوازیان هەیە، کە زۆربەیان

ئاماژە بۆ ئەم پێشبەندانە دەکەن، کە بەگشتی بریتین لە (ب ، با ، از ، بر ، تا ، در ، اندر ، نزد ، نزديك ، پيش ، برای ، بهر ، روی ، زیر ، زبر ، سوی ، سوای ، میان ، پی ، الا ، الی ، بدون ، جز ، چون ، چو ، غیر ، مانند ، مثل ، مگر ، واسەو ، ــ عده اضافه ، را ، پیش ، جلوی ، بیرون ، اندرون ، عقب ، سمت ، بالا ، پائین ، ....). سەرەڕای ئەم سەرچاوانەش کە ئەبوبەکر عومەر قادر ئاماژەی پێداون، هەروەها ئاماژەی بۆ پۆلێنەکەی (مهدی مشكوه الدينی) کردوە، کە تەنیا هەشت پێشبەندی جیاکردۆتەوە (از ، با ، به ، بر ، بی ، در ، تا ، جز)و بە کارێکی زانستیانەی لە قەڵەمداوە (بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پۆلی پێشبەندەکانی (حروف اضافه) زمانی فارسی، بڕوانە: (قادر، ٢٠٠٣، ٩٢-٩٣)). نموونە:

احمد با دوستانش به سفر رفت. (ئەحمەد لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ گەشت ڕۆیشت)

احمد مثل تو کار می کند. (ئەحمەد وەك تۆ کاردەکات)

هەروەها (خسرو فرشیدورد) حرفی اضافه بۆ دو جۆر پۆلیندەکات، ئاماژەش بۆ هەردو مۆرفیمی /با/ و /هەمچون/ کردوە (فرشیدورد،١٣٨٨، ٢٨٣):

١- ساده، وەك: (به ، با ، بر ، بی ، تا ، جز ، چون ، در ، را ، مگر ، بعضی از کسرها)

٢- لێکدراو، وەك: ( بجز ، بهر ، بر ، همچون ، همچو)

بە هەمان شێوەش (محمد جواد شريعت)یش حرفی اضافه بۆ دوو جۆر دابەشکردوەو ئاماژەی بۆ هەردو مۆرفیمەکە کردوە (شريعت،١٣٧٠، ٣١٢-٣١٣):

١- حروفی اضافەی ساده، بریتین لە: (از ، الا ، اندر ، ایدون ، به ، با ، باز ، بر ، بی ، تا ، جز ، چو ، چون ، در ، را ، زی ، فا ، فرا ، فرو ، کسره اچافه ، که ، مگر ، و ، او)

٢- حرفی اضافەی لێکدراو، بریتین لە: (برای ، بجز ، بجز از ، بی از ، جز از ، مگر از ، بجز که ، جز که ، چونکه ، مگر که ، همچون ، همچو ، همچو که)

همچون بە واتای (وەك) دێت، بۆ نموونە:

من همچون شما درس میخوانم (من وەك ئێوە وانە دەخوێنم)

**دووەم/ زمانی ئینگلیزی**: پۆلی پێشبەندەکان (prepositions) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ (پێشبەندە سادەکانو لێکدراوەکان) دابەشکراوە، بەڵام هەریەك لە سەرچاوەو زمانەوانەکان لەسەر ژمارەو فۆرمی پێشبەندەکان ڕای جیاوازیان هەیەو، چەندین پۆلینکردنیان خستوەتەڕو، بەگشتی پێشبەندە سادەکان بریتین لە (بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پۆلی پێشبەندەکانی زمانی ئینگلیزییەوە، بڕوانە: 1- Leech and svartvik ,2001, 44). 2- Aarts , 1994, 352 ):

[about, along, before, between, behind, beside, below, for, into, on, since, to, up, above, around, by, from, of, over, till, under, with, after, at, down, in, like, off , past, through, untill, without, ect]. example:

Azad is clever like me.

Azad go to school with your friends.

**سێیەم/ زمانی عەرەبی:** پۆلی پێشبەندەکانی (حروف الجر) زمانی عەرەبی بریتین لە (الیاو ، من ، الی ، عن ، علی ، فی ، الکاف، الام ، رب ، حتی ، مذ ، منذ ، واو القسم ، تاو القسم ، خلا ، عدا ، حاشا) (الافغانی،١٩٧١، ٢٨٧-٢٩٠). نمونە:

صرخ كأسد. (وەك شێر نەڕاندی.)

## ٢) ئەركی مۆرفیمەكانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە وشەسازیدا:

مۆرفیمی /لەگەڵ/ لە ئاستی وشەسازیدا بەشداری لە دروستكردنی وشەی نوێدا ناكات، واتە هیچ ئەركێكی مۆرفۆلۆجی نابینێت، بەڵام مۆرفیمی /وەك/ دو ئەركی سەرەكی لە دروستكردنی وشەی نوێدا دەبینێت، كە ئەمانەن:

١- دارشتن: پێشگری /نە/ + /وەك، وەكو/ = /نەوەك، نەوەكو/

دەچم بۆ لای ئازاد، نەوەك گلەیی بكات.

نانەكە زو ئامادەبكەن، نەوەكو باوكم لەپڕ بێتەوە.

١- لێكدان: /وەك ، وەكو/ + ژمارە /یەك/ = /وەكیەك ، وەكویەك/ (مشابە ، مماثل) (similar , equal) (الجافو..، ٢٠٠٨،٣٩٢)

مافی كورو كچەكە وەكیەك دەبێت.

كێكەكەم وەكویەك لەتكرد.

هەرێمو نەرمین لە زیرەكیدا وەكیەكن.

## ٣) ئەركی مۆرفیمەكانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە ڕستەسازیدا:

### ١/٣) فرێزی پێشناوی:

ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، كە لە هەر زمانێكدا لە چەند بەشێكی بنجی پێكدێت، هەر دانەیەكی ڕێزمانی بتوانێت دەوری بەشێكی بنجی ڕستە بگێڕێت، فرێزێك پێكدەهێنێت (ئەمین، ٢٠٠٤،١٩٩). هەمو فرێزێكیش وشەیەكی سەرەی هەیەو لەو كەتیگۆرییە فەرهەنگیەوە وەرگیراوە، كە بناغەكەی پێكدەهێنێت (Finich, 2000,113).

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، فرێزی پێشبەندییە. چونکە دەوری پریپۆزشن لە دارشتنی ڕستەدا دەردەکەوێت، واتە بەشەکانی ڕستە بە یەکەوە دەبەستێتەوەو پەیوەندیی ناوەکییان بە یەکەوە دروستدەکات (لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦،٣٠٩). سادەترین فرێزی پێشبەندی لە پێشبەندێکو تەواوکەرێک یان پێشبەندو تەواوکەرو پاشبەندێك پێکدێت، پێشبەندەکانیش دەبنە سەرەی فرێزەکەو، تەواوکەرەکانیش دەشێ ناو یان جێناوی کەسی بن، بۆ نمونە:

| پێشبەندەکان | فرێزی ناوی | فرێزی جێناوی |
|---|---|---|
| لە | ئازاد پارەکەی لە ئاراس وەرگرت. | ئازاد پارەکەی لە من وەرگرت. |
| بە | ئازاد پارەکەی بە ئاراس دا. | ئازاد پارەکەی بە من دا. |
| بۆ | ئازاد پارەکەی بۆ ئاراس نارد. | ئازاد پارەکەی بۆ من نارد. |
| بێ | ئازاد پارەکەی بێ ئاراس نارد. | ئازاد پارەکەی بێ من نارد. |
| تا | ئازاد تا بازاڕ ڕۆیشت. | |
| ە | ئازاد کەوتــە چاڵەکەوە. | |
| وەك | ئازاد وەك ئاراس زیرەکە. | ئازاد وەك من زیرەکە. |
| لەگەڵ | ئازاد پارەکەی لەگەڵ ئاراس هێنا. | ئازاد پارەکەی لەگەڵ من هێنا. |

نمونەکان ئەوە دەردەخەن، کە مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ وەك هەمو پێشبەندەکانی تر لەگەڵ ناو و جێناوە کەسییەکاندا بەکاردێنو دەبنە سەرەی دروستەی فرێزە پێشبەندییەکان.

هەروەها دروستەی فرێزە پێشبەندییەکان کە بەهۆی مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ وەك پێشبەندەکانی تر پێکهاتون، لە ڕستەدا ئەرکی تەواوکەرو سەربار دەبینن، بۆ نمونە:

| پێشبەندەکان | تەواوکەر | سەربار |
|---|---|---|
| بە | من کتێبەکەم بە ئەوان دا. | من کتێبەکەم بە ئەوان فرۆشت. |
| لە | من بەردەکەم لە ئەوان گرت. | من کتێبەکەم لە ئەوان کڕی. |
| بۆ | پارەکە بۆ ئەوان بو. | من کتێبەکەم بۆ ئەوان کڕی. |
| بێ | پیاوەکە بێ پارەیە. | من بێ ئەوان کارەکەم ئەنجامدا. |
| تا | ڕوبەری زەوییەکە تا دوکانەکە بو. | من تا هەولێر چوم. |

| | | |
|---|---|---|
| ە | کارەکە کەوتــە سبەینێوە. | مناڵەکە کەوتــە چاڵەکەوە. |
| وەك | مامۆستا وەك باوکــە. | من وەك ئەوان یاری دەکەم. |
| لەگەڵ | من لەگەڵ ئەوان بوم. | من لەگەڵ ئەوان چوم. |

ـ پێشبەندی /وەك/ لەگەڵ پاشبەندەکاندا:

ئەم پێشبەندە بە تەنها دەردەکەوێتو هیچ پاشبەندێك وەرناگرێت، بۆ نمونە:

منداڵەکە وەك من نان دەخوات.

ـ پێشبەندی /لەگەڵ/ لەگەڵ پاشبەندەکاندا:

ئەم پێشبەندە چ بە تەنها چ لەگەڵ پاشبەندەکانی /دا ، ەوە/ بەکاردێت، بۆ نمونە:

حکومەتی عێراق پێشوازی لە دانوستان لەگەڵ وەفدی حکومەتی هەرێم دەکات.

من لەگەڵ ئەوانـدا هاتم.

دایکت لەگەڵ خۆتـدا بهێنە.

نەهرۆ لەگەڵ سەیارەکەی پێشـەوە سەرکەوت.

ئێوە لەگەڵ ماڵەکەی سەرەوە ڕێکبکەون.

**٢/٣) ئامرازی گەیەنەر:**

مۆرفیمەکــانی /وەك/و /لەگەڵ/ لەپــاڵ مــۆرفیمی /کە/ وەك ئــامرازی گەیەنەر ئەرکــی بەســتنەوەی ڕســتەی شوێنکەوتو بە ڕستەی سەرەکییەوە دەبینن، بۆ نمونە:

وەك خۆت نەهاتبوی، کوڕەکەت بناردبایە.

وەك ئەوان کارەکەیان ئەنجام نەدا، قسەیشیان نەکردبایە.

لەگەڵ ئەوان هاتن، چوینە دەرەوە.

لەگەڵ دنیا ڕوناك بو، دەچینە سەر کار.

**٣/٣) مۆرفیمەکانی /و/ و /لەگەڵ/[*]:**

بە مەبەستی خستنەڕوی پەیوەندیو جیاوازی نێوان ڕۆڵو ئەرکی هەریەك لە مۆرفیمەکـانی /و/ و /لەگەڵ/ لە دروستەی ڕستە، دەتوانین بە کورتی ئەرکی هەریەك لەم مۆرفیمانە بخەینە ڕو:

١- مۆرفیمی /و/ وەك ئامرازی گەیەنەر ئەرکی بەستنەوەی دو ڕستەی سادە یان زیاتر لە دروستەی ڕستەی لێکدراودا دەبینێت، کە بە ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك ناودەبرێت، بۆ نمونە:

ئازاد نانەکەی خواردو چو بۆ خوێندنگە.

بەڵام لەو ڕستانەی کە هەمو فرێزەکانی ناو هەردو ڕستەکە هەمان کەرەستەن، تەنها لە یەك فرێزدا نەبێت، جیاوازن، بە گوێزانەوەی ئەم ڕستانە لە ڕۆنانی ژێرەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە، دەتوانرێت بە یاریدەی /و/ی لێکدەر ئەم فرێزانە لێکبدرێن بە مەبەستی ئابوریکردن، ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوە بە دروستەی هاوپێوەند (coordinate sturcture) (برزو، ٢٠١١،٣٠) یان دروستەی ڕستەی تەکخراو (coordinate sentence) (حسەین، ٢٠١٢،٨٥) ناودەبرێت. بۆ نمونە:

من شارم دیوە، من لادێم دیوە.

من شارو لادێم دیوە.

کوڕەکە زیرەکە، کچەکە زیرەکە.

کوڕەکەو کچەکە زیرەکن.

بەڵام مۆرفیمی /لەگەڵ/ وەك پێشبەند ئەرکی بەستنەوەی فرێزی ناوییەکە یان جێناوییەکە بە بەشەکانی تری ناو ڕستەی سادەوە لە دروستەی فرێزی پێشبەندیدا دەبینێت، بۆ نمونە:

کوڕەکە لەگەڵ ئەواندا هات.

فرێزە پێشبەندییەکە ئەرکی سەربار بینیوەو دەتوانرێت لە دروستەی ڕستە سادەکەدا لاببردرێت، چونکە کەرەستەیەکی سەرپشکییە (optional) بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتیو واتایی ڕستەکە بکات.

٢- مۆرفیمی /و/ بەشداری لە ڕودانی کرداری ڕستەکەدا دەکات، چونکە دو فرێزە لێکدراوەکە بەپێی ڕێکەوتنی بکەرو کردار یان بکەرو بەرکار لە ڕوی کەسو ژمارەوە جێناوێکی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ بە کۆتایی کردارەکە یان بەرکارەکە دەبەخشن، بۆ نمونە:

ئازادو کاوە هاتن.

فرێزی ناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

ئازادو کاوە پارەکەیان هێنا.

فرێزی ناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

بەڵام ئەم مۆرفیمە لە ئەرکەکانی تری وەك بەرکارو تەواوکەرو سەربارو کرداردا هیچ ڕێکەوتنێك نابینێت، تەنها ئەرکی لێکدانی دو فرێزەکە دەبینێت، بۆ نمونە:

من ئازادو کاوەم بینی.

من پارەکەم بە ئازادو کاوە دا.

من پارەکەم بۆ ئازادو کاوە نارد.

من نانەکەم لەتکردو خواردم.

کەچی مۆرفیمی /لەگەڵ/ بەشداری لە ڕودانی کرداری ڕستەکەدا ناکات، بۆیە هیچ جێناوێکی لکاو لە ڕوی کەس‌و ژمارەوە بەپێی ڕێکەوتنی بکەری وەرناگرێت، بۆ نمونە:

ئازاد لەگەڵ کاوە هات.

ئازاد لەگەڵ کاوە پارەکەی هێنا.

من ئازادم لەگەڵ کاوە بینی.

من پارەکەم بۆ ئازاد لەگەڵ کاوەدا نارد.

٣- ا/ ئەگەر بکەر لە دو فرێزی ناوی یان جێناوی یان زیاتر پێکهاتبێت‌و بە مۆرفیمی /و/ لێکدرابن، ئەوا کردارەکە بە شێوەی کۆ دەردەکەوێت، لە کاتێکدا دەتوانرێت فرێزە ناوییەکان پێش‌و پاش بخرێن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی‌و واتایی ڕستەکە بکات، هەروەها پێکەوە جێناوێکی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ (ن) بە کۆتایی کردارەکە دەبەخشن، بۆ نمونە:

کاوەو میهرەبان ترسان.

فرێزی ناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

میهرەبان‌و کاوە ترسان.

فرێزی ناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

بەڵام ناتوانرێت فرێزە جێناوییەکان پێش‌و پاش بخرێن، بۆیە دەبێتە ڕستەیەکی ڕێزمان نادروست‌و واتاناڕاست. چونکە جێناوە کەسییەکان بەپێی پلەی ئاشنایەتی جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بۆیە لە ڕیزکردنی جێناوە جوداکاندا دەبێ ئاشناترین جێناوی کەسیی جودا پێشبکەوێت، هەروەها ئاشناترین سەرەی فرێزەکە سیمای کەسی خۆی لەباری کۆدا بەسەر کردارەکەدا دەسەپێنێت (برزو، ٢٠١١،٤٠). بۆ نمونە:

من‌و تۆ کاردەکەین.

فرێزی جێناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

*تۆو من کاردەکەن.

فرێزی جێناویی لێکدراو/ بکەر جێناوی بکەری

ب/ لە کاتێکدا مۆرفیمی /لەگەڵ/ ڕۆڵی مۆرفیمی /و/ لە پێکهێنانی فرێز بۆ بەشداریکردن لە ڕودانی کرداری ڕستەکەدا نابینێت، لە هەمان کاتیشدا هەریەکە لە فرێزەکان بەپێی جێکەوتەکەی ئەرکی سینتاکسی خۆی لە ڕستەدا دەبینێت، بۆ نمونە:

کاوە لەگەڵ میهرەبان چوø.

فرێزی ناوی/بکەر ف.پ.ن/سەربار جێناوی بکەری

میهرەبان لەگەڵ کاوە چوø.

فرێزی ناوی/بکەر ف.پ.ن/سەربار جێناوی بکەری

من لەگەڵ تۆ کاردەکەم.

فرێزی جێناوی/بکەر ف.پ.ن/سەربار جێناوی بکەری

تۆ لەگەڵ من کاردەکەیت.

فرێزی جێناوی/بکەر ف.پ.ن/سەربار جێناوی بکەری

## ٤) مۆرفیمەکانی /وەك/و /لەگەڵ/ لە ڕوی واتاوە:

هەمو پێشبەندەکانی زمانی کوردی لە ڕوی سیمانتیکەوە واتایەك یان زیاتر لە واتایەك دەبەخشن. ئەوەی لێرەدا مەبەستە هەردو مۆرفیمی /وەك/و /لەگەڵ/ە، کە ئەم واتایانە دەبەخشن:

١- مۆرفیمی /وەك/ لە دروستەی فرێزی پێشناویدا واتای لێکچون/هاوتا (شبیە/مثل، like/as) دەگەیەنێت، بۆ نمونە:

مامۆستا وەك باوکە.

ئاوی کانییەکە وەك بەفر ساردبو.

پێشمەرگەکان وەك شێر پەلاماری دوژمنیان دا.

ئارام وەك تۆ بە یەکەم دەرچو.

٢- مۆرفیمی /لەگەڵ/ لە دروستەی فرێزی پێشناویدا واتای هاوڕێیەتی دەگەیەنێت، بۆ نمونە:

ئاسۆ لەگەڵ ئاکۆ چو بۆ بازاڕ.

باوکم لەگەڵ ئێمە بۆ سەیران هات.

ئەوان کتێبەکانیان لەگەڵ مامۆستاکەدا هێنا.

تابان لەگەڵ ئێمەدا هات بۆ سەیران.

٣- مۆرفیمی /لەگەڵ/ لە دروستەی فرێزی پێشناویدا واتای پێچەوانە دەگەیەنێت، بۆ نمونە:

دارا لەگەڵ ئەو زیرەکیشە لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچو.

کچەکە لەگەڵ ئەو جوانییەیشدا کەس داوای ناکات.

## ئەنجامەکان

1- زمانی کوردیش هاوتای زمانەکانی تر هەمان کێشەی لە سەرچاوەکانو لای زمانەوانەکان لە پۆلینکردنو دەستنیشانکردنی فۆرمو ژمارەی پێشبەندەکانەوە هەیە، بە بەراوردکرنی زمانی کوردی بە زمانەکانی تر کە سەر بە هەمان خێزانە زمانن، یان زمانی دراوسێن.

2- هێنانەوەی بۆچونی ڕێزمانی زمانە بیانییەکان بەو واتایەیە، کە دەستنیشانکردنی فۆرمو ژمارەی ئەم پێشبەندانە لە ژێر کاریگەریی زمانە بیانییەکان بە تایبەتی زمانی فارسیو عەرەبیو ئینگلیزی زیاتر دەردەکەوێتو لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

3- زۆربەی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە کوردییەکان تەنها گرنگیان بە شەش پێشبەندەکەی /لە، بە، بۆ، بێ، تا، ە/ داوەو وەك ڕۆنانێکی سادە (بنجی) ئاماژەیان پێداوە، بەڵام ڕای جیاوازیان لەبارەی مۆرفیمەکانی /وەك ، لەگەڵ/وە چ لە ڕوی فۆرمەوە چ لە ڕوی ئەرکەوە هەیە.

4- بە هێنانەوەی نمونەکانو خستنەڕوی تایبەتمەندی وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازی، ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە مۆرفیمەکانی /وەك، لەگەڵ/ش پێشبەندنو بە پێشبەندەی سادە (بنجی) ناودەبرێن.

5- مۆرفیمەکانی /و/ و /لەگەڵ/ لە ڕوی ڕۆڵو ئەرکی ڕێزمانییەوە دو مۆرفیمی جیاوازن، بەوەی مۆرفیمی /و/ ئامرازێکی لێکدەرو تەنیا ئەرکی بەستنەوەی دو ڕستەی سادە یان زیاتر دەبینێت، بەڵام مۆرفیمی /لەگەڵ/ ئەرکی بەستنەوەی فرێزی ناوییە یان جێناوییە بە بەشەکانی تری ناو ڕستە سادەکەوە لە دروستەی فرێزێکی پێشبەندیدا، لە لایەکی ترەوە وەك ئامرازی گەیەنەر ئەرکی بەستنەوەی ڕستەی شوێنکەوتو بە ڕستەی سەرەکییەوە لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا دەبینێت.

## پەراوێزەکان:

* شایانی باسە لە چەند لێکۆڵینەوەو سەرچاوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە مۆرفیمەکانی /و/ و /لەگەڵ/ هەمان ئەرکی ڕێزمانی دروستکردنی گرێی ناوی لێکدراویان هەیەو بەشداری لە ڕودانی کرداری ڕستەکەدا دەکەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

ا- بەگیخانی، ١٩٩٦، ٢٦.

ب- شوانی،٢٠٠٣، ٥٢ و٧٢.

پ- فەرهادی، ٢٠١٣، ١٥-١٦.

# سەرچاوەکان

**ا- بە زمانی کوردی:**

١- الجاف، حسین یارە احمد، عیمان علی محمود، سالم محمد علی الجاف، یوسف شمعون داود السندی، ٢٠٠٨، فەرهەنگی تریفە (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی العربیە - لبنان.

٢- ئامێدی، صادق بهالدین، ١٩٨٧، ڕێزمانا کوردی، چاپا یەکێ، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

٣- ئەمین، نووری عەلی، ١٩٥٨، قواعیدی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، بەغداد.

٤- ئەمین، نووری عەلی، شێخ محەمەدی خاڵ، محەمەد مستەفا کوردی، کامیل بەسیر، ١٩٦٤، ڕێزمانی کوردی، بەغدا.

٥- ئەمین، نووری عەلی، ٢٠١٢، ڕێزمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦- ئەمین، وریا عومەر، ١٩٨٦، پێشبەندەکان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عراق - دەستەی کورد، بەرگی (١٥)، بەغدا.

٧- باخەوان، ئازاد ئەمین فەرەج، ٢٠٠٣، پێشبەندو پاشبەند لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی بەغدا.

٨- برزو، ئومێد بەرزان، ٢٠١١، دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

٩- بەگیخانی، ئاواز حمەصدیق، ١٩٩٦، ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، ماستەر، کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین.

١٠- پشدەری، صالح حسێن حسن، ١٩٨٥، کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا.

١١- حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، سلێمانی.

١٢- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ڕێزمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستو کرمانجی سەروو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٢، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٤- شوانی، ڕەفیق، ٢٠٠١، چەند بابەتێکی زمانو ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٥- شوانی، ڕەفیق محەمەد محێدین، ٢٠٠٣، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

١٦- شوانی، ڕەفیق، ٢٠١١، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٧- عەبدولڕەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.

١٨- فەخری، نەسرین و کوردستان موکریانی، ١٩٨٢، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.

١٩- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر.

٢٠- قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

٢١- کابان، سەعید صدقی، ١٩٢٨، مختصر صرف‌و نحوی کوردی، بەغدا.

٢٢- لیژنەی زمان‌و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا.

٢٣- لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٢٤- لیژنەی زمان، ٢٠٠٠، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغداد.

٢٥- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی، ٢٠٠٤، فەرهەنگی زاراوەسازی زمانناسی، سلێمانی.

٢٦- محەمەد، هیدایەت عەبدوڵڵا، ١٩٩٣، پێشپرتك‌و پاشپرتك لە زمانی کوریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین.

٢٧- وەهبی، تۆفیق، ١٩٢٩، دەستووری زمانی کوردی، بەشی یەکەم، بەغدا.

٢٨- هەورامانی، محەمەد ئەمین، ١٩٨٤، ((دا)) لە زمانی یەکگرتوی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢٠).

٢٩- یوسوپۆڤا، زەرێ، ٢٠٠٥، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێرانی لە زمانی ڕووسییەوە/ د. کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر.

**ب- بە زمانی فارسی:**

٣٠- الافغانی، سعید، ١٩٧١، الموجز فی قواعد اللغه العربیه.

٣١- شریعت، محمد جواد، ١٣٧٠، دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، انتشارات اساگیر.

٣٢- فرشیدورد، خسرو، ١٣٨٨، دستور مختصر امروز: بر پایه زبانشناسی جدید، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.

**پ- بە زمانی ئینگلیزی:**

33- Aarts,B. (2001), English syntax and argumentation, second edition.

34- Finich, G. (2000), Linguistics terms and concepts, Macmillan press; London.

35- Leech, Geoffrey and Jan svartvik (1994), A Communicative Grammar of English, second edition, Longman.

36- Mackenzie,D.N. (1961), Kurdish dialect studies, London.

37- Maccarus,E.N. (1958 ,(A Kurdish Grammar, Newyork.

**Abstract**

The title of the research "/like/ and /with/ in kurdish Language". We generally deal with the prepositions in Kurdish Language and the two morphems in the level of morphology, syntax and semantics particulary.

At the end the most important conclusions of the study are presented along with alist of references.